شاجوانی هونەرمەندانی عەرەب
نەجوی سوڵتان بۆ گوڵان:

# جوانی پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ هونەرمەندی ئافرەت





***ماوەیەك بەر لە ئێستا خانمە هونەرمەندی لوبنانی نەجوا سوڵتان نازناوی شاجوانی عەرەبی بە دەستهێنا بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بەر لەویش لە قاهیرە لە میهرەجانی ئۆسکار خەڵاتی باشترین گۆرانیبێژی (استعراچی) بە دەستهێنا.***

***نازناوی شاجوانی هونەرمەندان لە رێگای دەنگدانی راستەوخۆی جەماوەرە دەبێت و نەجواش توانی زۆرترین دەنگەکان بەدەست بهێنێت، نەجوا سوڵتان هەر لە منداڵییەوە خولیای گۆرانی گوتن بووە بۆیە لە ئاهەنگەکانی قوتابخانە گۆرانی گوتووە دواتریش پەیوەندی کردووە بە پەیمانگای لوبنانی بۆ مۆسیقا، ئینجا خوێندنی باڵای لە هونەرە جوانەکان تەواو کردووە، لە پەیوەندییەکدا لە رێگای ئیمێلەوە نەجوا سوڵتان بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.***

*** تۆ چۆن وەسفی خۆت دەکەی؟**

- من بە هیچ شێوەیەك نامەوێ باسی خۆم بکەم، حەز خەڵك و ئەو کارانەی پێشکەشیان دەکەم باسم بکەن، زۆریش پێکەنینم بەو هونەرمەندانە دێت کە لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە رادەگەیەنن کە ئەوان لە لوتکەن و کەس نییە بگات بە ئاستی ئەوان، بەڵام من خۆم بە کچێك دادەنێم کە تا ئێستا دەتوانم بڵێم شانس یاوەرم بووە لە گشت ئەو کارانەی کردووەمە.

*** ئایا دەرکەوتنی هونەرمەندان بە لوکی نوێ تا چەند پێویستە؟**

- هونەرمەند هەمیشە پێویستی بە گۆرانکارییە لە شێوە و روخسار و چۆنیەتی دەرکەوتنی لەبەردەم جەماوەر بۆ ئەوەی جەماوەر بە بینین شتی دووبارە بێزار نەبێت و هەست بە نوێکاری بکات.

*** باشە تا چەند پشت بە جوانی دەبەستی، ئایا جوانی رۆڵی لە دەرخستن و سەرکەوتنی کچە گۆرانیبێژەکان ئەگەر بەهرەی دەنگخۆشی تێدا نەبێت ؟**

- ئەگەر هونەرمەند جوان بێت ئەوا دەبێتە پاڵپشتێك بۆی جا ئەگەر ئافرەت بێت یان پیاو، بەڵام جوانی هیچ کاتێك نابێتە هۆکاری سەرەکی بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند، چونکە دەنگ و بەهرە کۆڵەگەی سەرەکین بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند، من وەك هەر مێینەك گرنگی بە جوانی خۆم دەدەم بەتایبەتی لە کاتی وێنەگرتندا، چونکە ئێمە ئێستا لە سەردەمی دەنگ و رەنگداین و گرنگی دان بە چۆنیەتی دەرکەوتن زۆر پێویستە بۆ هونەرمەند.

*** هەندێك جار دەبینین هۆنراوەی خەمبار تێکەڵ بە ئاوازی خێرا دەکرێت، ئایا ئەمە کارێکی دژ یەك دروست ناکات؟**

- راستە لە هەندێك گۆرانیدا گوێمان لە هۆنراوەکەی دەبیت جۆرێك خەمی پێوە دیارە، بەڵام ئاواز دانەر بەجۆرێك کاری تێدا دەکات کە ئیقاعێکی خێرا و سەمای تێدا بێت ئەمەش رەنگە خۆشییەك بە گۆرانییەکەی بدات، هەروەها وێنەگرتنی گۆرانییەکەش جۆرێکی دیکە لە جیاوازی پێ دەبەخشێت کە زۆر جار گوێگر هەست بە جیاوازییەك نەکات لە نێوان هۆنراوە و ئاوازەکەی.

*** ئایا کار کردن لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکان وات لێدەکات هەست بەوە بکەی کە بگەی بە ئاستی ئەوان؟**

- نەخێر هەر لە سەرەتاوە هەندیك کەس هەن یارمەتییان داوم و پشتگیرییان کردووم ئەمەش سەرەتایەکی باش بوو بۆ من و پەنا بە خوا هەوڵ دەدەم زیاتر خۆم پێش بخەم.

*** ئایا توانای ئەوەت هەیە شوێنی خۆت بکەیتەوە لە نێوە ئەو هەموو هونەرمەندە زۆرە کە ئێستا لە گۆڕەپاندا هەن؟**

- پەنا بە خوا هەوڵی ئەمە دەدەم، چونکە من هونەرم زۆر خۆش دەوێت و زۆر بیرۆکەی نوێ لە مێشکمدا هەن و تا ئێستا پێشوازی خەڵك لە کارەکانم زۆر باش بووە و ئەگەر بەو شێوە و ئاستەی ئێستا بەردەوام بم دڵنیام شوێنی خۆم دەکەمەوە.

*** ئایا تووشی هەڵەی زۆر بوویت؟**

- لەسەرەتادا زۆر جار تووشی هەڵە بووم، بەڵام هەر لەو هەڵانەوە شتی باشتر فێر بووم و بووە هۆکارێك بۆ باشتر کردنی کارەکانم چ وەك گۆرانیبێژ یان وەك مرۆڤێکی ئاسایی.

*** ئەگەر قوتابی بیت ئامادەی پاشەڕۆژی خۆت قوربانی هونەر؟**

- ئەمە پرسیارێکە وەڵامدانەوەی تا رادەیەك زۆر زەحمەتە، چونکە خوێندن و دیاری کردنی دوارۆژێکی روون بۆ هەر تاکێك، چونکە بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێمە هەتا هەتا ناتوانین بەردەوما بین لە گۆرانی گوتن بۆیە دەبێ بیرێك لە دوارۆژی خۆشمان بکەینەوە، من هونەرەکەی خۆم خۆشدەوێت و ئەگەر سەر پشکم بکەن لە نێوان ئەم دووانە هەوڵ دەدەم هاوسەنگییەك لە نێوانیاندا رابگرم، چونکە هەردووکیان پێویستن بۆ من.

*** دەتەوێ لە رێگای هونەرەوە بەچی بگەی؟**

- هێشتا رێگایەکی زۆرم لەپێشە بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە بەچی دەگەم یان بە کوێ دەگەم، چونکە ئێستا من لە لایەن جەماوەرەوە لە لوبنان و دەرەوەی لوبنانیش بۆیە هەوڵ دەدەم بەردەوام بوونی خۆم بسەلمێنم ئەویش بەکاری نوێ.

*** چۆن لە هونەر دەروانی بە گشتی؟**

- من بە چاوی خۆمەوە سەیری هونەر دەکەم و بە لامەوە گرنگ نییە خەڵك چی دەکەن یان چی دەڵێن.

*** ئایا کەسێك هەیە تۆ رکابەریی**





**بکەی؟**

- هاتنە ناو بواری هونەری و گۆرانی گوتنەوە خۆی لە خۆیدا جۆرە رکابەرییەکە لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێشوو تۆ گۆرانییان گوتووە، من بە سەرتایەکی بەهێز دەستم پێکرد هیوادارم بتوانم بەو ئاستە بەردەوام بم.

*** بۆ ئەم سەردەمە چ گۆرانییەك پێویستە؟**

- هەموو جۆرە گۆرانییەك جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە ئەگەر کەمیش بێت، بۆ نموونە هەندێك کەس هەند دەڵێن گۆرانی رۆمانسی باوی نەماوە، من پێم وایە گۆرانی رۆمانسی هەر ماوە و تا ئێستاش بەردەوام جەماوەری خۆی هەیە، چونکە ئەم جۆرە گۆرانیانە بۆ ماوەیەکی زۆر لە هزر و خەیاڵی بینەردا دەمێننەوە و بە ئاسانی لە یادیان ناکات، من ئەگەر لە بەرهەمەکانیشمدا ئەم جۆرە گۆرانیانەم زۆر نەگوتبێتەوە ئەوا لە ئاهەنگ ز کۆنسێرتەکاندا بەردەوام دەیانڵێمەوە ئەویش زۆری لەسەر داوای جەماوەرە.

*** بەڕای تۆ پێویستە پەیوەندی نێوان هونەرمەند و دەزگاکانی راگەیاندن چۆن بێت؟**

- من خۆم پەیوەندیم لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندندا باشە هەرچەندە زۆریش حەز لە دەرکەوتن ناکەم بەتایبەتی ئەگەر شتێکم نەبێت بیڵێم بۆ زۆر دەربکەوم.

*** هاوڕێیەتی بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- هاوڕێیەتی یەکێکە لە شتە زۆر گرنگ و پێویستەکان بۆ ژیانی هەر مرۆڤێك، چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بە تەنیا و بێ هاوڕێ بژیت، بەڵام پێویستە رێزگرتن و راستگۆیی لە خۆشەویستیدا هەبێت ئەگەر لە ئاستێکی زۆر بەرزیش دابێت، هاوڕێیەکانی من زۆر نین، چونکە بەدوای ئەو هاوڕێیانەدا دەگەڕێم کە مایەی بڕوا پێکردن بن و متمانەیەکی زۆرمان لە نێوانیاندا هەبێت و دۆزینەوەی هاوڕێیەکی دیاریکراو رەنگە کارێکی ئاسان نەبێت و پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە.

*** ترسی ئەوەت نییە رۆژێك بێت تۆش ناچار ببی پشت بە سەرنجڕاکێشان و وروژاندن ببیتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بی لەگۆرانی گوتن؟**

- هەموو ئافرەتێك تا رادەیەك سەرنجڕاکێشە، بەڵام وەك ئەوەی ئێستا



هەندێك دەیکەن من ئامادە نیم بە هیچ شێوەیەك بیکەم.

*** تۆ دژی نەشتەرگەری جوانکاری یان پاڵپشتی لە ئەنجامدانیان دەکەی؟**

- من پشتگیری لەو جۆرە نەشتەرگەریانە دەکەم کە زۆر پێویستن بۆ لابردنی کەموکوڕییەکی لەسەر دەموچاو ئەنجام دەدرێت، بەڵام دژی زیادەڕۆیی کردنم لە ئەنجامدانی.

*** ئایا رەخنە قبوڵ دەکەی؟**

- بەڵێ رەخنە قبوڵ دەکەم و رەخنەش لە خۆم دەگرم بۆ ئەوەی کارەکانی داهاتووم باشتر بن.

*** لەگەڵ خوێندنەوە چۆنی؟**

- ئەوەی راستی بێت کاتی تایبەتم تەرخان نەکردووە بۆ خوێندنەوە و زۆریش بێزار دەبم لە خوێندنەوەی کتێبی دوور و درێژ، هەندێك جار هاوڕێکانم هەواڵی هونەری گۆڤار و رۆژنامەکانم بۆ دەخوێننەوە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەبێت.

*** چ گۆرانییەك هەیە یەکێکی تر گوتوویەتی حەزت کردووی تۆ بیڵێی؟**

- من پێم وایە هەر گۆرانییەك بە گۆرانیبێژی خۆیەوە بەستراوە بۆ نموونە ئەگەر من گۆرانییەکی راغب یان گۆرانییەکی نانسی عەجرەم بڵێمەوە، هەروەها بۆ ئەوانیش وایە.

*** ئایا گوتنی گۆرانی بە تاك باشترە یان بڵاو کردنەوەی ئەلبووم؟**

- بێگومان ئەلبووم تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە بۆ جەماوەر و زۆربەی هەرە زۆری ئەو هونەرمەندانەی گۆرانی سینگڵ بڵاو دەکەنەوە لە کۆتاییدا هەموویان لە ئەلبوومێکدا کۆ دەکەنەوە و بڵاوی دەکەنەوە.

*** بەم دواییە بە شاجوانی هونەرمەندان هەڵبژێردرای بۆ ساڵی ٢٠٠٩ هەستت بە چی کرد لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە؟**

- بێگومان هونەرمەند کە خەڵاتێکی بە دەست دەهێنێت یان رێزی لێدەگیرێ هەست دەکات شتێکی پێشکەش کردووە، هەرچەندە ئەم نازناوە زیاتر پەیوەندی بە جوانییەوە هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دەنگدان راستەوخۆ لە لایەن جەماوەرەبوو هەستم بە خۆشییەکی زۆر کردووە هیوادارم بتوانم شتی زیاتر پێشکەش بەو جەماوەرە خۆشەویستەی خۆم بکەم.

## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# فیلمی"دوا ئاراستە" بۆ جاری دووەم لەسەر یەک بووە باشترین فیلمی هۆلیوۆد

دوای ئەو سەرکەوتنە زۆرەی بەدەستی هێنابو لەبەشی یەکەم و دووەم، بەرهەمهێنەرانی فیلمی " The Final Destination" بەشی سێیەمیان بەرهەم هێنا، و وەك چاوەڕێیان دەکرد، تائێستا دوو هەفتەیە بەژداری سینەماکانی ئەمەریکای کردووە، لەهەردو هەفتەکەشدا پلەی یەکەمی پڕ داهاترین فیلمی هۆلیوۆدی بەدەست هێناوە.

The Final Destination3

فیلمێکی ترسناکە و لەو فیلمانەیە کەنابێت کەسانی خوار تەمەنی گەورەبون تەماشای بکەن، فیلمەکەش ڕوداوەکانی بەوشێوەیە دەست پێ دەکات کاتێك مێرمنداڵێك ئاگاداری هاوڕێکانی دەکات کەوا ئاگایان لەخۆیان بێت لە پێکدادانی سەیارەکەیان، چونکە دەبێتە هۆی کوشتنیان بەشێوەیەکی خراپ. جێی سەرنجە ئەم ئاگادارکردنەوەیە سەرەتایەکە بۆ یەکبەیەك کوشتنیان نەوەك ڕزگار بون...

فیلمەکە لەدەرهێنانی "دیڤد ئار" و پاڵەوانانی فیلمەکەش: (بۆبی کامبۆ، چانتڵ ڤانسانتن، نیك زانۆ، هالی ویَب، میکلتی ویلسۆن، کریستا ئیلین...)

### ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

١- (The Final Destination) ١٥،٢٩٥ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٥٠،٤٣٥ملیۆن دۆلار بە ٢ هەفتە

٢- (Inglourious Basterds) ١٤،٩٥٠ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٥٠،٤٣٥ملیۆن دۆلار بە ٣هەفتە

٣- (All About Steve) ١٤،٠٥٨ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ١٤،٠٥٨ ملیۆن دۆلار بەیەك هەفتە

٤- (Gamer) ١١،٢٠٣ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ١١،٢٠٣ ملیۆن دۆلار بەیەك هەفتە

٥- (District 9) ٩،١١٤ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ١٠٣،٧٦١ ملیۆن دۆلار بە٤ هەفتە

٦- (Julie & Julia) ٧،٠٧٧ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٨٠،٧١٧ ملیۆن دۆلار، بە٦هەفتە

٧- (Halloween II) ٦،٨٧٢ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٢٦،٩٢٨ ملیۆن دۆلار، بە٥ هەفتە


٨- (G.I. Joe: The Rise of Cobra) ٦،٧٠٥ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ١٤١،٠٢١ملیۆن دۆلار، بە٥ هەفتە

٩- (Extract) ٥،٥١٣ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٥،٥١٣ ملیۆن دۆلار، بەیەك هەفتە


١٠- (The Time Traveler's Wife) ٥،٤٦٥ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٥٥،ملیۆن دۆلار، بە ٧ هەفتە.










ئا: عەبدوڵا چنگیانی

# رەنگدانەوەی کارەساتی یازدەی

سینەمای ئەمریکی زیاتر لە پێنج ساڵ چاوەڕێی کرد ئینجا بەرهەمێکی دەربارەی کارەساتی ١١ی سێپتێمبەر پێشکەش کرد، کەچی هەموو لایەك بەتایبەتی بەرهەمهێنەران و هەوادارانی سینەما لە سەرتاسەری جیهان پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە دوای ڕووداوەکە بە ماوەیەکی زۆر کورت چەندین بەرهەمی سینەمایی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنرێن.

فیلمی (یۆنایتد ٩٣ ) کە لە دەرهێنانی پاول گرینهاوسە و لە ساڵی ٢٠٠٦ پێشکەش کرا یەکەم کاری سینەمایی بوو دەربارەی ڕووداوەکە هاتە بەرهەم دوای ئەویش دەرهێنەری بەناوبانگ ئۆلیڤەر ستۆن لە هەمان ساڵ فیلمی ( سەنتەری بازرگانی جیهانی )ی پێشکەش کرد، ئەوەی بووە مایەی سەرنجڕاکێشانی جەماوەر ئەوە بوو کە هەردوو فیلمەکە بەشێوەیەکی وا بوون کە ڕووداوەکانیان بەدوای یەکدا پێشکەش کرد، چونکە فیلمی ڕووداوەکانی (یۆنایتد ٩٣) لە بەیانی هەمان ڕۆژدا دەست پێدەکەن کاتێك تیرۆریستان خۆیان بۆ دوایین ئەرکی ژیانیان ئامادە دەکەن، ئینجا سواری فرۆکەی ژمارە ٩٣ دەبن و دەستی بەسەردا دەگرن و بە تەقینەوەی فرۆکەکە لە یەکێك لە باخچە سەوزەکانی دەرەوەی واشنتۆن کۆتایی دێت، کەچی ڕووداوەکانی فیلمەکەی ئۆلیڤەر ستۆن لە تەقینەوەی یەکێك لە تاوەرەکانی سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك دەست پێدەکات ئینجا تاوەری دووەمیش دەتەقێندرێتەوە لە لایەن تیرۆریستان و کەوتنە خوارەوەی دوو تاوەرەکە کە بۆ هەتا هەتایە جیهان و ئەمریکییەکان لە یادی ناکەن.

هەرچەندە فرۆکەی فیلمی یەکەم نەگەیشتە نیویۆرك و ئەو ئامانجەی بۆ دیاریکرابوو نەپێکا کە ماڵی سەرۆکی ئەمریکا بوو لە کۆشکی سپی، بەڵام هیچ بیانوویەك نییە کە بڵێین ئەوەی لە دوو تاوەرەکە ڕوویدا سیناریۆیەکی ترسێنەر نییە، چونکە ئەوەی دەرهێنەر پاول گرینهاوس لە فیلمی (یۆنایتد ٩٣) پێشکەشی کرد بە بێ زیادەڕۆیی دەتوانرێ بە یەکێك لە ترسێنەرترین فیلمەکانی ئەمریکا وەسف بکرێت لە مێژووی سینەمادا.

دیمەنی یەکەمی فیلمەکە بە گەنجێکی موسڵمان دەستپێدەکات کە خەریکی ئەنجامدانی چەند سرووتێکی ئاینییە وەك دەرهێنانی موو لە هەندێك شوێنی هەستیاری لەش وەك خۆ ئامادەکردن بۆ مردن، لەم دیمەنە تا دوایین دیمەنی فیلمەکە کە تەقینەوەی فرۆکەکەیە، دەرهێنەر فیلمێکی زۆر زەحمەت پێشکەش دەکات، کە باس لە ئێش و ئازاری جەنگە ئاینییەکان دەکات، چونکە چەند تیرۆریستێك پێشکەش دەکات لەگەڵ چەند کەسێکی سڤیل و بێتاوان کە ڕوو دەکەن کاری ڕۆژانەی خۆیان بێ ئەوەی پەیوەندییان بە هیچ شتێکەوە هەبێت، ئەم دوو دیمەنە دژ بە یەکە لە نێوان نیازی تیرۆریستان و کاری ڕۆژانەی هاووڵاتیان بۆ خۆی هێزێکی جیاواز و دژ بە یەکی پێشکەش بە بینەر کرد،کاتێك ئۆلیڤەر ستۆن ڕایگەیاند کە بە نیازە فیلمێك دەربارەی ڕووداوەکانی ٩/١١ پێشکەش بکات، زۆر کەس چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە فیلمەکەی هێرشێکی توند بێت لەسەر ئیدارەی توندڕەوی ئەمریکا، چونکە ستۆن بوو ماوەی چەندین ساڵ یەکێك بوو لەو کەسانەی بە توندی دژی ئەو ئیدارەیە بوو، بەڵام ئەوەی فیلمی (لە ٧/٤ لەدایکبووە) و(جی ئێف کەنەدی)ی بینی بێت زۆر بە زەحمەت تەقبولی فیلمی (سەنتەری بازرگانی جیهانی) دەکات، چونکە لەم فیلمەی دواییدا ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری لە شاری نیویۆرك پێشکەش دەکات و هاوسۆزییەکی زۆر بەرامبەر بە سێ کەس لە ڕزگار بوونی ئاگر کوژێنەوەی شارەکە نیشان دەکات کە چەندین کاتژمێریان لەژێر پاشماوەکانی ئەم شارە تێکدراوە بەسەر برد.

فیلمەکەی ئۆلیڤەر ستۆن هیچ ئاماژەیەکی سیاسی تێدا نەبوو و لە نزیکەوە باس لە ڕووداوەکانی کاتی تەقینەوەکە دەکات و ئەو بێسەرووبەرییە زۆرەی کە وڵاتەکەی گرتەوە، هەروەها باس لە دیار نەبوونی هۆکارەکان و ڕەگەزی ئەو کەسانە دەکات کە کارەکەیان ئەنجامداوە، لە دوا ساتەکانی فیلمەکەدا یەکێك لە کەسایەتییەکان بە دیار دەکەوێت ( کە دەتوانین بە کەسایەتی ئۆلیڤەر ستۆنی ناو بنێین) ئەویش گەنجێکی ئەمریکییە شارۆچکەکەی خۆی بەجێدەهێڵێت بۆ












# سێپتێمبەر لە سینەمای ئەمەریکیدا

ئەوەی پەیوەندی بەو کەسانەوە بکات کە بەشداری لە کارەکانی فریاگوزاری و وەک سەربازێکی ئەمریکی تێنووی جەنگەکانی تۆڵە سەندنەوە پێشکەشی دەکات.

### فەهرەنهایت ١١

ئەم فیلمە دۆکیۆمێنتەی دەرهێنەری بەناوبانگ مایکل مۆر کە لە ساڵی ٢٠٠٤ نمایش کرا، لەبەر چەند هۆکارێکی تەواو سیاسی خەڵاتی گەورەی فیستیڤاڵی (کان)ی سینەمایی بۆ هەمان ساڵ بەدەستهێنا، چونکە دژی ئیدارەی بوشە، ئەم فیلمە هاوسۆزی و پشتیوانییەکی زۆری بینەری ئەوروپی بەدەستهێنا، ئەم



فیلمە بە وردی باس لە رووداوەکانی بەر لە تەقینەوەکانی شاری نیویۆرك و خۆ ئامادەکارییەکان بۆ جەنگی کەنداو و بەهۆی هەڵوێستی نەگۆڕی مۆر بەرامبەر بە ئیدارەی بوش بوو بە فیلمێك کە بە هەموو شێوەیەك دژی ئیدارەی بوش بەکارهێنرا، لەم فیلمەدا مۆر گشت چەکە پاك و ناپاکەکانی خۆی بەکارهێنا، چونکە گرنگی بە چەند هەواڵێك داوە کە باوەڕ پێکراو نین بەتایبەتی دەربارەی هەوڵەکانی حکومەتی ئەمریکا بۆ دەرهێنانی چەند ئەندامێکی خانەوادەی ئوسامە بن لادن کە بەر لە رووداوەکانی ٩/١١ لە ئەمریکا خەریکی بەسەر بردنی پشوو بوون، بە پێی گێڕانەوەی مۆر ئەم خزمانەی بن لادن بە هۆی پەیوەندییە تایبەت و کۆنەکانی لەگەڵ بوش و خانەوادەکەی بەشێوەیەکی تایبەت و بە بڕیاری سەرۆك رێگایان پێدرا بوو بە فڕۆکەی تایبەت ئەمریکا بەجێ بهێڵن، مۆر هەروەها چەند دیمەنێکی دیکە نیشان دەدات کە مایەی سەرسوڕمانن ئەوانیش وێنەی چەند عێراقییەکە بەر لە جەنگی ساڵی ٢٠٠٣ لە یەکێك لە باخچە گشتییەکانی بەغدا کات بەسەر دەبەن ئەمەش وەك هێمایەك بۆ ئەوەی کە عێراقییەکان بە خۆشی و شادی لەگەڵ رژێمەکەیاندا دەژین و ئەو قسانەی کە حکومەتی ئەمریکا بڵاویان دەکاتەوەی گوایە لە لایەن رژێمەوە دەچەوسێنرێنەوە زیادەڕۆیی تێدابووە، بەڵام دوای ئەوەی جۆرج بوش لەسەر دەسەڵاتی ئەمریکا نەما دەبێ تێڕوانینی مایکل مۆر بۆ ئەو شەڕەی تا ئێستا لە دژی تیرۆر بەردەوامە و ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات چی بێت.

### هۆلیۆد گۆڕانکاری بەسەردا هات

بە هۆی رووداوەکانی یازدەی سێپتێمبەر و هەردوو جەنگی عێراق و ئەفغانستان و گرنگیدانی میدیا جیهانییەکان بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رێکخراوی قاعیدەن زۆر لە فیلمەکانی هۆلیۆد بە جددی مامەڵەیان لەگەڵ گەورەترین کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کرد، بۆیە دەبینین دوای جەنگی عێراق و بڵاوبوونەوەی ئەو فیلمانەی کە کوشتن و سەربڕینی هاووڵاتیانی تێدایە کە لەژێر چەند لافیتەیەکی ئیسلامی و لەسەر دەستی چەند لاوێکی عەرەب و موسڵمان ئەنجام دەدرێن، فیلمەکانی هۆلیۆد بە وردی باسیان لە کێشەی تیرۆر و پەیوەندیی بە وڵاتانی گەورەی وەك ئەمریکا کردووە لەو فیلمانەش (سیریانا) کە باس لە پەیوەندی نێوان نەوتی کەنداو و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات و فیلمی ( شانشین) ئەویش باس لە کێشە نێوان حکومەتە عەرەبییەکان و تیرۆر دەکات.

راگەیاندنی عەرەبیش بە گشتی و کەناڵە ئاسمانییەکان بەتایبەتی رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە دەرکەوتنی ئەو فیلمانە و زیاتر ناساندنیان بە بینەری عەرەبی و رۆژئاوایی ئەمەش فشارێکی زۆری لەسەر هۆلیۆد دروستکرد بۆ بەرهەمهێنانی چەندین فیلمی تایبەت بە رووداوەکانی ٩/١١ و ئەو گۆڕانکاریانە لە ئەنجامی ئەو کارەساتە دروستبوون.

## داهاتی ئەلبوومەکەی جنیڤەر بۆ دەزگایەکی خێرخوازی منداڵان دەبێت


بەم دواییە جنیڤەر ئەنیستۆن وباوکی بەیەکەوە خەڵاتی Parenting Media Award یان بەدەستهێنا بەهۆی بەشداری کردنیان لە کارکردنیان لە چیرۆکی (کارە باشەکانی لۆکۆمی) کە چیرۆکێکی بەناوبانگی منداڵانە لە ئەمەریکا ، ئەم خەڵاتەش پێشکەش بە کەسەکانی یەك خانەوادە دەکرێ. جنیڤەر کە لەگەڵ باوکی بە دەنگیان بەشدارییان لەو سیدییەدا کردووە سور بوو لەسەر ئەوەی کە داهاتی ئەلبوومەکە بدرێتە دەزگایەکی خێرخوازی منداڵە نەخۆشەکان.



لە لایەکی دیکەوە ماوەی چەند هەفتەیەك دەبێت جنیڤەر سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمێکی نوێی کۆمیدی رۆمانسییە لەگەڵ هونەرمەند جیر پاتلەر بە ناوی (پاونتی هانتەر) و باس لە پیاوێکی کۆکەرەوەی زێڕ دەکات کە بەدوای هاوسەری پێشووتریدا دەگەڕێت، بەڵام لەسەرووبەندی ئەو فیلمە باس لەدروستبوونی پەیوەندییەکی خۆشەویستی راستەقینە دەکرێت لە نێوانیان و بەپێی قسەی چەند کەسێکی ستافی پەیوەندییەکەیان سنووری کاری تێپەڕاندووە بەتایبەتی دوای ئەوەی لە کاتی ماچ کردن بەیەکەوە بینرابوون ئەمەش پروپاگەندەکانی زیاتر کرد، شایەنی گوتنە دوای جیابوونەوەی لە براد پیتی هاوسەری جنیڤەر بە چەندین پەیوەندی خۆشەویستی تێپەڕیوە بێ ئەوەی هیچیان سەرکەوتوو بن ، تا ئێستا دیار نییە ئەم پەیوەندییەش بە دەردی ئەوانی تر دەچێت یان سەرکەوتوو دەبێت، لە لایەکی دیکەوە جنیڤەر خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداری کردن لەفیلمی Goree Girls کە باس لە چەند ئافرەتێکی زیندانی کراو دەکات لەساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوو و دەبن بە تیپێکی مۆسیقا،هەر لەم فیلمەدا جنیڤەر گۆرانی دەڵێت و گیتاریش دەژەنێت، بۆیە لەئێستاوە خۆی فێری ژەنینی ئەم ئامێرە دەکات.

گوڵان
ژمارە (٧٤٩)
٢٠٠٩/٩/١٤





## هونەرمەند نوری کاکە خان بۆ گوڵان:

# دەبێت هونەری کوردی کەم و کوڕییەکانی دەسەڵات و خەڵک بخاتە ڕوو

دیمانە: سۆران مارف
soran_marf@yahoo.com

***نــوری کاکە خــان هونەرمەندێکی بێور و بە توانا لە بواری هونەری نواندنداو خــاوەن توانــاو ســەلیقەیەکی هونەرێکی خویشەویســتی بینەری درامای کوردییە و ســەرەتایی ئاوێتە بوونی بۆ ناو دنیای هونەری نواندن بۆ ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە بەشدارییەکانی بریتین لە (بوکی ژێر دەواری ڕەش،خانزاد، ئەنگوستیلە، کلکۆیی تازەی لەیل، کڵولەکان،خولە پیزە، یاداشــتەکانی ســولتان مەحمــود، جومعــە، گەڵە بێ ڕۆژەکان، ســەمفۆنیای مەرگ، شــوانی بــۆ خۆشەویســتی) و چەندینی تر، وەك گوڤاری گوڵان بەم شێوەیە هونەرمەندمان بەسەر کردوە و هاتە ئاخاوتن.***

لەسەرەتادا هونەرمەند نوری کاکە خان بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن و گوتی:سوپاس بۆ ئەم دەرفەتــەی گوڤاری گوڵان من نوری کاکە خان لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی کانیسکانی شــاری ســلێمانی هاتوومەتە دنیــاوە لە خانەوادەیەکی هەژار کە پێکهاتووین لە چوار براو پێنج خوشــك، بەڵام من راســتگۆیانە دەدوێم لەبەر ئــەوەی خانەوادەکەمان هەژار بــوون رۆژانــە دوای خوێنــدن دەبووایــە بچووینایە شتی دەســتگێریمان بفرۆشتایە ئــەوە وایلێکردم کــە لە بــواری خوێندندا ســەرنەکەوتم بەداخەوە ئــەوە هوکارێك بوو بۆ ئەوەی مــن نەتوانم خوێندن تەواو بکەم، بەڵام من پشت بەخوا لە بوارێکی تردا خۆم دۆزییەوە ئەویش بواری هونەربوو کە ســاڵی حەفتاکان باوکم دەستی دەگرتین دەچووین لە سینەما سەیری نمایشی فیلمی فیلممان دەکرد و کە ئەو کاتە لە سلێمانی شەوانە بۆ دانیشتوانی شــار نمایش دەکراو زۆرێك لــە خێزانەکان تەماشای ئەو نمایشانەیان دەکرد ئێمەش لەو خانەوادەیە بووین کە باوکم مانگانە دەبردین بۆ سەیری نمایشی فیلم لەو کاتەوە من ئەو حەزەم چرۆی کرد بۆ هونەر و کاری دراما، ئاواتم ئەوە بوو رۆژێك بچمە ســەر شاشەی تەلەفزیون و منیــش بتوانم رۆڵ ببینم ئیتر ئــەو کاتە مــن زۆر جار دەچــووم لەگەڵ منداڵەکانی گەرەك دەورمان دەبینی و کاری شانۆییمان ئەنجام دەدا، ئەوەی شایانی باسە باوکم زۆر تەشــجیعی من بوو بۆ هونەر و زۆر حەزی بە کاری هونەری دەکرد، ئەمەش زۆر کاریگەری لەســەر من هەبوو بۆ رۆڵی خۆم ببینم لە بواری هونەری نواندندا، ئیتر ئەوەبوو لە ســاڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هونەرمەند عومەر چاوشــین کە هاوڕێی کاکم بوو پێم گوت: کاك عومەر مــن زۆر حەز بەکاری تەمسیل دەکەم ئیتر ئەویش ووتی: زۆر چاکە بچۆ بۆ تیپی نواندنی کرێکارانی سلێمانی و پاشان بەشداریم کرد لە میهرەجانی بەهاری خوێناوی لە شــاری بەغداد کە نمایش کراو پلەی ســێهەممان بە دەســت هێنا ئەمەش یەکەم کاری هونەری من بوو و تائەمڕۆش دەتوانــم بلێم من دانەبڕاوم لە هونەر و کاری نواندن.

*** هەمیشە باسی سەرکەوتن و پێشکەوتنی هونەر دەکرێت لە ســاڵانی هەشتاکان تۆ تا چەند لەگەڵ ئەمە هاوڕای؟**

- بێگومان ساڵانی هەشــتاکان سەدەی رابردوو زۆر جیاوازی هەبووە لەگەڵ ئێســتا کە ســاڵی ٢٠٠٩ ە بۆ نموونە ئێمە (شەوێك لە ژیانی خانزاد) مان ئەنجام دا کە کارێکی دەتوانــم بلێم زۆر سیاســی بوو وە باســی ململانێی نێوان دەســەڵاتی کوری و رۆم و عەجەم و ئەوانەی چ پیلانێکیان دادەڕشــت بۆ شکســت هێنانی میللەتی کورد کە من لە کارە کەسایەتی حوسێنی عەجەمم دەبینی لەو کارەدا کە دەڵێت کەلە ســەرەکەی بەرن بۆ قامیشلی و دەســتێکی بۆ پری دەلال و زاخۆ ئێمە لەو کارەدا هەر چوار پارچەکەی کوردســتانمان دەستنیشان کردووەو و (بوکی ژێــر دەواری ڕەش)مان ئەنجــام دا کە من رۆڵی وەیســە دەبینم ئەویش کەسایەتییەکی شــەرانگێز بوو باســی شــەری برا کوژی دەکەین واتە ئەو کاتە تــەواو ئێمە خولیای بەدی هێنانی ئازادی و ئامانجەکانی گەلی کورد بووین، راســتە جاران تەکنۆلۆژیا وەك ئێســتا نەبوو و تا رادەیەکــی زۆر کز بوو، بەڵام ئێمە لەگەڵ کاری هونەردا پەیامێکمان هەبوو.

*** جاران هونەر پەیامێك بوو بۆ خەبات و قوربانی دان ئەی ئێستا پێت وایە هونەر چ پەیامێکی هەیە؟**

- دەبێت ئەمڕۆ هونەر رەخنە لە دەسەڵات بگرێت ئێمە کە خاوەن دەسەڵاتێکی کوردین چەند کەم و کوڕی هەبێت ئێمە ستایشی ئەو دەسەڵاتە دەکەین ئێستا دەبێت کار بکەیت بۆ ئەوەی وەزیرێك کــە هەڵەی هەیە بە خۆیدا بچێتەوە ئێســتا دەبێت هونەری کوردی کەم و کوڕییەکانی دەسەڵات و خەڵك بخاتە ڕوو ئەوە نەبێت دەســەڵات کەم و کوڕی هەبێت و خەڵــك بێ کەم و کــوڕی بێت، خەڵکی

وامان هەیە لە بازاڕ کە دەبە ئاوەکەی پێیە دەیخواتەوە ناچێت بیخاتە ناو زبڵدانەوە فڕێ دەداتە سەر زەوییەکە و شەقامە کە پیس دەکات لە کاتێدا دەبێت خەڵك لە خۆیەوە دەست پێبکات.

*** بودجەیەکی زۆر بۆ کاروباری هونەر لە لایەن حکومەت ودەستەڵاتەوە تەرخان دەکرێت بۆ هاوکاری هونەرمەندان، تۆ تاچەند پێت وایە ئەم هەنگاوە شوێنی خۆی گرتووە؟**

- هەندی جار هەنگاوەکە شوێنی خۆی دەگرێت و هەندێك جاریش نەخێر لێرەوە من دەڵێم پێویستە کە وەزارەتی رۆشنبیری فلتەرێك دابەزێت یان لیژنەی پسپۆری هەبێت بۆ هەموو بوارەکان بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی هونەری کوردی جیاکردنەوەی کارە باشەکان لە کارە خراپەکان نەوە ك وەك ئێستا ئەرشیفی درامای کوردی لە وەزارەتی رۆشنبیری زۆرەو کەچی زۆرێکی عەرز نەکراوە لەبەر کەموکوڕیە هیوام وایە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت بەداخەوە پێشتر لیژنە هەبووە لە وەزارەتی رۆشنبیری، بەڵام لیژنەکە پرۆڤیشناڵ نەبوون.

*** ئایا تۆ پێت وایە شانۆی کوردی تۆشی دارمان هاتووە یاخود بینەری شانۆیی کوردی؟**

- من نە دەڵێم شانۆیی کوردی لە قەیراندایەو نە دەڵێم بینەری شانۆیی کوردی، چونکە ئەگەر تۆ کارێکی باش پێشکەش بکەیت ئەوا بینەریش تەماشایی کارەکەت دەکات مەرجیش نییە جاری وا هەیە تۆ کارێکی جدی پێشکەش دەکەیت بە دوو رۆژ (٦٠)کەس ئامادە نابێت، بەڵام بۆ کارێکی کومیدیا هۆڵەکە بەرناکەوێت لە بەر خەڵك بە هەر حاڵ من پێم وایە ئێستا بینەری شانۆی ساڵانی هەشتاکانمان نییە، چچچتەکنەلۆژیاش لە سەر ئەم مەسەلەیە رۆڵی خۆیی هەبووەو هەیە

*** ئێستا وا خەریکە سلێمانی هۆڵی سینەمایی تیدا نامێنێ هۆڵەکان هەمووی دەروخێنرێن و دەکرێنە باڵەخانە، کەچی لە وولاتانیش پێشکەوتن بەندە بە پێشکەوتنی سینەماوە تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟**

- ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە پەرە بە هولی سینەمای بەردەوام بدات سەدان فەرمانبەر هەیە لە دائیرەکەی خۆیدا بەیانیان بەبێ کار دەچێتە سەر کارەکەی و ئمایەك دەکات و دەڕواتەوە کە من پێم وایە ناحەقیان نییە لەبەر ئەوەی هەندێ جار کورسیشیان نییە دابنیشن.

ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەر شارێك سینەمایەکی نمونەیی بکاتەوە و فیلمی پرۆڤیشنال بهێنن بۆ نمایشکردنی پێچەوانەی ئەوەی ئێستا لەگەڵ ڕێژمدا سینەماکانمان فیلمێك نمایش دەکەن کەتەربەووی نین جاران لە زەمانی ڕژێمدا هەموو فلیمێك کە نمایش دەکرا دەبووایە لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی سینەماوە ببینرایە و سانسۆری دەخستە سەر هەموو ئەو بەرهەمانەی کە کارێی ناجۆری تیابوو، کەچی ئێستا هیچ چاودێرییەك نییە کوڕەکەی من کە تەمەنی ١٢ ساڵە گوناهی چییە کە جەژن دەچێتە سینەما شتێکی ناجۆر نیشان دەدەن، بیر لەوە دەکرێتەوە سلێمانی بکرێتە پایتەختی رۆشنبیری لە کاتێکدا هۆڵێکی سینەمای بەردەوامی لێ نییە.

*** کەناڵەکان بۆ شەوچەرەی رەمەزان دراما کوردییەکان نمایش دەکەن باشە پێت وا نییە گرنگە بەردەوام گرنگی بە دراما بدەن ؟**

- پێم وایە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە کە تەنها مانگی رەمەزان مانگی نمایش کردنی دراما کوردییەکانە دەبوو هەوڵ بۆ ئەوە بدرایە کە کەناڵێکی دراما لە کوردستان دابمەزرایە من ئەو پرسیارە دەکەم بینەری کوردی گوناهی چییە لە دوای مانگی رەمەزان لە بەر بێ دراماییی تەماشای زنجیرە درامای عەرەبی و تورکی و مەکسیکی دەکەن.

*** بەڕێزتان بەڕێوبەری هونەری تیپی شانۆیی ئاشتین ئەرکو کاری ئەم تیپە ئێستا چییە و چ بەرنامەیەکی هەیە؟**

- ئێستا سەرقاڵی وێنەگرتنی چیرۆکێکی کاك جەمال شەریفین بەناوی( ئەچم بۆ شار) کە کارێکی کۆمیدییە و کارێکی کاك بەهزاد جەلالیش لە پرۆژە و بەرنامەکانی ئەو تیپەیە.

*** دواین پەیامت چییە؟**

-داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم لایەك لە هونەرمەند بکرێتەوە نەك هەر کە سێك لە ساڵانی شەستەکاندا تەپلێك یان زورنایەکی لێدابێت رێزلێنانی بۆ بکەن بەڵکو ئەوانەی بە کردار خزمەتی هونەریان کردووە هاوکاری بکرێت لایان لێبکرێتەوە.

**ئەرشیفی درامای کوردی لە وەزارەتی رۆشنبیری زۆرەو کەچی زۆرێکی عەرز نەکراوە لەبەر کەموکوڕیە**





